# ناونیشانی توێژینەوە

# ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاووڵاتیانی شاری سلێمانی


**توێژەران:**

**- م. کاروان عبدالله محمد، زانکۆی سلێمانی/ ک. زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.**

**- م.ی. هەرمن شێرکۆ نصرالدین، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی دووکان/ بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بەبازاڕکردن.**


ئاسایش بە یەکێك لە نیازە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار، بە جۆرێك بە بەرقەراری ئاسایش لە ناو کۆمەڵگادا ئارامی باڵ بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا دەکێشێت، بە تێکچونیشی دەیان هیواو نیازی مرۆڤایەتی لەبار دەچن، هەربۆیە ئاسایش لەنێو کۆمەڵگادا بەگەوهەری ژیان ناودەبرێت، مرۆڤ وەك کائینێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە بە ڕێکەوتن لەسەر کۆمەڵێك بنەما و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەردەوامی بەژیانی کۆمەڵگاکەی بدات، هەوڵەکانی پاراستنی ئەو بنەما فەرهەنگی و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتیانە دەشێ بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو ببرێت. لە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هۆکارگەلێك ڕۆڵدەبینن، یەکێك لەو هۆکارانە بریتیە لە میدیا، لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەری میدیا لەسەر بنەما جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی تا ئەمڕۆش بابەتی گرنگی لێکۆڵینەوی زانستی و لێکۆڵەرانە.

میدیاش ئەمرۆ وەك بزوێنەری گەشەی کۆمەڵایەتی هێند بەرفراوان بووە هەمووان لەنێو کۆمەڵگایەکدا بونەتە خاوەنی کەناڵی سەربەخۆی میدیایی و لە نێو تۆڕێکی بەرفراواندا زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن چ لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە بێت یان ژیانی سیاسی و ئابوری، ئەم مەودای ئاڵوگۆڕی زانیاریە بەرفراوانەش بەدەر نیە لە کارکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەلایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی، دیاریکردنی ئاستی کاریگەری ئەم تۆڕە بەرفراوانە میدیاییەش کە (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) ناسراوە لەسەر بەخشینی هەستی ئاسایش لەنێوکۆمەڵگەدا بابەتێکی تەواو زانستیانەیەو ئەرکی توێژەرانی بواری میدیایی و کۆمەڵایەتیە.

ئەمتوێژینەوەیەش وەك هەوڵێکی زانستی کاردەکات لەپێناو دەرخستنی ڕادەی کاریگەری (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) لەبارەی بەخشینی هەستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ناو شاری سلێمانی و هەستپێکردنی لە لای هاوڵاتیانی شاری سلێمانی.

# میتۆدنامە

## کێشەی توێژینەوە

توێژینــەوەی (کاریگــەری تۆڕەکۆمەڵایەتیــەکان لەســەر بەرقــەراری ئاسایشــی کۆمەڵایــەتی) کێشــەکە خــۆی لــەو بەرکەوتنە هەمەچەشنەی کۆمەڵگادا دەبینێتەوە لەگەڵ شێوازی خستنەڕووی زانیاری لـە تـۆرە کۆمەڵایەتیـەکان، لێرەشەوە دەیەوێ وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە کە دەرخەری نـاواخنی کێشـەی توێژینەوەکـەن، لـەگرنگترین ئـەو پرسـیارانەش بـریتین لـە : بـەکارهێنانی تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان بـەم مـەودا بەرفراوانیـە تـا چـەند هاوکـاری هەســتکردنی هاوڵاتیانــە لــە بەرقــەراری ئاسایشــی کۆمەڵایــەتی؟ چــەند چەســپێنەری بنــەماکانی ئاسایشــی کۆمەڵایەتییە؟ چەند لە شێواندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی رۆڵی هەبوە؟ چۆن ڕۆڵی ئەرێنی ئەبینێ؟ چۆنیش رۆڵـی نەرێنی ئـەبینێ؟ ئاراسـتەی بڵاوکردنـەوەی زانیـاری لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـدا تـا چـەند لـە خزمـەت پاراسـتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدایەو یان بە پێچەوانەوە؟

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ومیدیایـەکی هەمەچەشـن و بـەرفراوان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاوڵاتیانی شاری سلێمانی.

## کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە تەواوی هاوڵاتیـانی شـاری سـلێمانی کـە تەمـەنیان لـە 18 سـاڵ زیـاترە، بـۆ وەرگرتنی نموونەش بەڕێکاری هەرەمەکی دەبێت بەسود وەرگرتن لە رێبازی خشـتەی (مۆرگـان) بـۆ دیـاریکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە دەبێت.

## میتۆد و ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی وەصفی دا ئەنجام دراوە، کەمیتۆدێکی تایبەتە لەبواری توێژینـەوە لـە سەر کاریگەری میدیاو هەوڵێکی زانستی رێکخراویشە بۆبەدەستهێنانی ئەو زانیاریانـەی کـە ئاسـتی ڕۆڵ و گرنگـی بابەتێکی دیاریکراو دیاری دەکات، لەم میتۆدەشدا پەیڕەوی رێبازی ڕووپێوی (مسحی) کراوە.

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست کە بە پلەی یەکەم و لە بواری پراکتیکیدا دروستکردنی فۆرمی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، هەروەها لەبواری تیۆریشدا سەرچاوە زانستیەکانی وەك کتێب و توێژینەوە زانستیەکانی پێشوون.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە بواری مرۆییەوە پێك دێت لە هاولاتیانی شاری سلێمانی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ زیاترە، لە ڕوی جوگرافیشەوە ناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە، لە ڕووی کاتیشەوە 2019/2/20 تا 2019/3/20 دەبێت.

## پێناسەی چەمکەکان

**تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان:** پرۆگرامێکە بەکاردەهێنرێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەکان لەسەر ئەنتەرنێت کە تیایدا تاکەکانی دەتانن پەیوەندنی بەیەکترەوەبکەن بۆ چەندین مەبەستی جیاواز "یان" پێگەی ئەلیکترۆنین دەرفەت دەداتە تاکەکان کە ئەکاونتێکی تایبەت بەخۆیان دابنێن و تیایدا شتێك لەبارەی کەسایەتی و بۆچونەکانی خۆیانەوە بخەنە ڕوو بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان یان دیاریکراو بەپێی سستمێکی دیاریکراو کە بەشێوەی لیستێکی دیاریکراو بەشداربوە دڵخوازەکانی خۆت بۆ بونی پەویەندی لەگەڵیان دیاریدەکات و دەرفەتی ئەوەش دەڕەخسێنێت کە بتوانی ئەکاونت و بابەتەکانی هاوڕێکانت ببینی، ئەمەش بەمیکانیزم و ناوێکی دیاریکراو کە لە تۆڕێکەوە بۆ تورێکی دیکەی کۆمەڵایەتی جیاوازە

ـ **ئاسایشی کۆمەڵایەتی:** ئاسایشی کۆمەڵایەتی توانای کۆمەڵگەیە بۆ بەرگریکردن لە تایبەتمەندیەکانی و بنەماکانی بنەرەتیەکانی لە بەرانبەر هەموو ئەو گۆڕانکاری و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی کاتێك هەستی پێدەکرێت و دەردەکەوێت کە کۆمەڵگا هەست بەوە بکات کە شوناسی لە بەردەم هەرەشەدایە

ـ **ڕۆڵ** : مەبەست لەو کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەیە کە ڕاگەیاندن دروستی دەکات لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دەرەنجامی بەشدارییپێکردن و بەکارهێنانی لە لایەن هێزو بەربژێرەکانەوە

ـ **سلێمانی:** یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بە گەورەترین پارێزگا لە هەرێمی کوردستان لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە ئەژمار دەکرێت

# تیۆرینامه

# تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، گەشەکردن و کاریگەریەکانی

## تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان :

لەکۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـت و سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەك ڕاپـەڕینێکی گشـتگیرو فراوانـی لـە کـەرتی تەکنـەلۆژیای زانیـاری و ڕاگەیانـدنی ژمـارەیی بەخۆیـەوە بینـی، کـە بەهۆیـەوە توانـای پەیوەنـدیکردن لـەنێوان تاکەکان و دامەزراوەکاندا زیاترو ئاسانتربوو، ئەمـەش بـەهۆی بـونی تۆڕەکۆمەڵایەتیـەکان لەڕێگـەی بـەکارهێنانی ئەنتەرنێت و گواستنەوەی بابەتو زانیاریەکان لەنێوان تاکەکان و کەرتەجیاوازەکاندا بەشێوەیەکی کاراو ناوازە[1].

## میدیا کۆمەڵایەتیەکان :

میدیا کۆمەڵایەتیەکان ئاماژەیە بە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و مۆبایلی زیرەك بۆ پەیوەنـدی کـردن و گواسـتنەوەی زانیاریو بڵاوکردنەوەی هەواڵو بابەتەجۆراوجۆرەکان، هەروەك ئاماژەیە بە پێگە ئەلیکترۆنیەکان و بەکارهێنانی ئەنتـەرنێت لـەنێوهاوڵاتی و توێژەجیاوازەکانـدا بەشـێوەیەکی بـەرفراوان بـۆ وەرگـرتن و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری جۆراوجـۆرو پـەرەدان بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان، هـەروەك زۆرێـك لـە دامـەزراوەو کۆمپانیاکـان بـۆ کـاری بازاڕگەری سودێکی گەورەیان لێ بینیـوە. (کـابلان و هـانلین) پێناسـەی دەکـەن بـەوەی " کۆمەڵـە پراکتیکێکـی ئەنتەرنێتە لەسەربنەمای ئایدۆلۆژی وتەکنەلۆژی لەسەر وێب، ڕێگە دەدا بە دامەزراندن و گۆڕینەوەی ناوەڕۆك کە لەڕێگەی بەکارهێنەرەوە دادەمەزرێت[2] "

پێویستەبوترێت کە تۆڕەکۆمەڵایەتیـەکان لـە خـەڵك و تـاك خۆیـەوە سەرچـاوە دەگرێـت لەمیانـەی بەشـداربون و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و دەستگرتن بەسەر ناوەڕۆکی زانیاریەکان و زیادکردنی وێنە و ڤیدیۆو لینك و کۆمێنـت و کاردانەوی وەرگرەکانی دیکە[3].

---

1. باقر ساروخانى، جامعه شناسي ارطباتات، تهران، انتشارات اطلاعات، 1376، ل148

2. عباس صادق، الإعلام الجديد: المفاهيم والوسائل والتطبيقات، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2008، ص 98

3. غزال مريم و شعوبي نور الهدى ، تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على تنمية الوعي السياسي لدى الطالبة الجامعين، رساله غير منشورة، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة ، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية ، قسم العلوم الإنسانية، 2014، ل 20

## تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :

توێژەرەکان کۆمەڵێك ناساندنیان بۆ تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی داناوە، لەنێویاندا مریەم نومار پێی وایە " پرۆگرامێکە بەکاردەهێنرێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەکان لەسەر ئەنتەرنێت کە تیایدا تاکەکانی دەتوانن پەیوەندی بەیەکترەوەبکەن بۆ چەندین مەبەستی جیاواز "یان" پێگەی ئەلیکترۆنین دەرفەت دەداتە تاکەکان کە ئەکاونتێکی تایبەت بەخۆیان دابنێن و تیایدا شتێك لەبارەی کەسایەتی و بۆچونەکانی خۆیانەوە بخەنە ڕوو بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان یان دیاریکراو بەپێی سیستمێکی دیاریکراو کە بەشێوەی لیستێکی دیاریکراو بەشداربووە دڵخوازەکانی خۆت بۆ بونی پەیوەندی لەگەڵیان دیاریدەکات و دەرفەتی ئەوەش دەڕەخسێنێت کە بتوانی ئەکاونت و بابەتەکانی هاوڕێکانت ببینی، ئەمەش بەمیکانیزم و ناوێکی دیاریکراو کە لە تۆڕێکەوە بۆ تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتی جیاوازە "[1].

هەروەك پێناسە دەکرێت بەوەی " سیستمێکە لە تۆڕی ئەلیکترۆنی کە دەرفەت دەداتە بەشداربووەکانی پێگەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لەڕێگەی لینکی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنیەوە پەیوەستدەکرێت بە بەشداربووەکانی دیکەوە کە بەلایەوەگرنگو مەبەستدارن "[2]

پێگەی ویکیبیدیاش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات " کۆمەڵێك پێگەی ئەلیکترۆنین و پێکەوە بەستراون لەسەر هەمان خزمەتگوزاری، کە دەتوانیت لە ڕێگەی بەکارهێنی ئەنترنێتەوە سەردانی بکەی، ئەو پێگانە ئەرك و ڕۆڵی جیاواز دەبینن هەیانە بۆ کاری ریکلام و فرۆشتنی کالاَ و هەروەها بۆ کڕینی کالاَش بەکاردەهێنرێت، هەروەك هەندێك لە تۆڕەکان بۆ چاد و گفتوگۆ و بۆ ڕاگۆڕینەوە لەنێوان بەشداربووەکاندا، بەم شێوەیە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ژێر ناونیشان و میکانیزم و تایبەتمەندی جیاواز کاردەکەن وەك ( تۆڕی تایبەت بە وێنە یان گفتۆگۆ یان ڤیدیۆ یان تۆڕی گشتی و ....هتد).

## گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان :

سەرەتا تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا، کاتێك قوتابیانی زانکۆ لە نێو خۆیاندا تۆڕێکی پەیوەندیان پێکهێنا یەکەمین تۆری کۆمەڵایەتیش لە ساڵی 1995 دروستکرا بۆ قوتابخانەکان و پەیوەندی نێوان قوتابیەکانیان بەناوی (Classmates.com) ئەم تورە پەیوەندیەکانی ناوەندی ئەمەریکی بە ویلایەتەکان و ویلایەتەکانیش بە ناوچەکانیان و هەرناوچەیەکیش بۆ چەند قوتابخانەیەك پۆلێنکردبوو کە

---

[1]. عباس صادق، الإعلام الجديد: المفاهيم والوسائل والتطبيقات، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2008، ص 98

[2]. هەمان سەرچاوە، ل122

هەموویانی لە تۆڕەکەیا کۆکردبۆیەوە، بەشێوەیەك هەریەکێك دەیتوانی قوتابخانەکەی و هاورێکانی قوتابخانەکەی لەم تۆڕەیا بدۆزێتەوە .

دواتریش هەوڵێکی سەرکەوتوی دروستکردنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدرا بەناوی ( SixDegrees.com ) ئەویش لە ساڵی 1997 دابوو ئەمەش دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی راستەوخۆ بوو لەنێوان تاکەکاندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایدیا و ئاستی زانستی و نەتەوەو ئاین، ئەمەش یەکەمین هەنگاوی کرانەوە بوو بە ڕووی دونیای پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێسنور، ئەم تۆڕە دەرفەتی بۆ هەرکەسێك دەرەخساند کە ئەکاونتێکی تایبەتی هەبێت و خاوەنی دۆسیەی تایبەت بە خۆی بێت و بتوانێت نامەی تایبەت بنێرێت بۆ هاوڕێکانی، دواتریش لەنێوان ساڵەکانی 1995 – 1999 چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەت و گشتی دانران .

لەنێوان ساڵەکانی 2002 – 2004 پێشوازی زیاتر کرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە جیهاندا ئەمەش بە دەرکەوتنی چەند شۆڕشێکی فراوان و کاریگەری کۆمەڵایەتی، یەکەم تۆڕیش (Friendster) بوو کە لەساڵی 2003 دانرا، دوهەمیش تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ( facebook) بوو کە ئەندازیار (مارك زوکربێرج) دروستی کرد تاوەکو هاوڕێکانی کۆبکاتەوە لە زانکۆی هارفاردی ئەمریکی کە بەشێوەیەکی خێرا توانی فراوان ببێت و تەواوی جیهانبگرێتەوەو ببێتە یەکەمین تۆڕی کۆمەڵایەتی، دواتریش لە ساڵی (2005) دا دوو تۆڕی تر دانران بەناوەکانی (My space, Bebo) کە پێشوازیەکی بەرفراوانیان لێکرا، بەم شێوەیە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە ناو تۆڕی ئەنتەرنێتدا زۆربوون[1] .

## کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان :

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کاریگەری گەورەی لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە دروستکردوە، توانیویەتی گۆڕانکاری گەورە دروستبکات جیاواز لە قۆناغەکانی پێش خۆی، ئەم کاریگەری و گۆڕانکاریانەش چڕکراوەتەوە لەسەر چەند بگۆڕێك لەوانەش[2] :

### یەکەم. بگۆڕی کۆمەڵایەتی

بگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کورتدەکرێنەوە بۆ دوو بوار کە یەکەمیان پێکهێنانی هاوڕێیەتیە و دووهەمیشیان بۆ ئەندامبوونە لە کۆمەڵەکاندا، کە دەکرێت بەم شێوەیە بخرێنە ڕوو :

---

1. وليد رشاد زكي، نظرية الشبكات الاجتماعية،2012،ص7

2. غزال مريم و شعوبي نور الهدى ، تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على تنمية الوعي السياسي لدى الطالبة الجامعين، رساله غير منشورة، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة ، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية ، قسم العلوم الإنسانية، 2014، ل 20

- پێکهێنانی هاوڕێیەتی : تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کارئاسانیان کردوە بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی بەجۆرێك تۆڕەکان بونەتە شوێنی کۆبونەوەی هاوڕێکان، هاوڕێیەتیش لەم تۆڕانەدا دوو جۆرە یەکەمیان هاوڕێیەتی ڕاستەقینەو دوهەمیشان هاوڕێیەتی خەیاڵی بەلأم لەهەردوو حاڵەتەکەدا گرنگیدان و بەشداربوون هەیە لە ئاستی دونیای زانیاریدا کە تۆڕەکان توانیویانە تیایدا سەرکەوتوبن .
- ئەندامبون لە کۆمەڵەکاندا : تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەلیان ڕەخساندووە بۆ کۆبونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵی جیاوازی خاوەن پیشە و توێژە جیاوازەکان و ئەندامبوون تیایاندا، بەنمونەی کۆمەڵە و گروپی تایبەتی قوتابیانی قوتابخانەیەك یان خوێندکارانی کۆلێژ و زانکۆیەك یان کۆمەڵەی تایبەتی فۆتۆگرافی جیهانی و چەندین کۆمەڵەو گروپی جیاواز لەسەر ئاستی ولأت و ناوچەو جیهان .

**دووەم. بگۆڕە سیاسیەکان:**

ئەندامبوون لە هەر گروپ و کەمەڵەیەکدا با لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش بێت دەرگا دەکاتەوە بەڕووی بەشداربوون لە کاری سیاسی لە جیهانی زانیاریدا، هەربۆیە کاروباری سیاسی بۆتە گۆڕاوێکی بنەڕەتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا، هەربۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە کارایەکی یاریدەدەری بەهێز بۆ بەڕێوەبردن و بەشداربوون لە کایەی سیاسیدا بەتایبەتی لە سێ بوارو کایەی سەرەکیدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێرێت[1]:

ـ دروستکردنی ڕایگشتی : گروپە جیاوازەکانی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی بەرچاودەگێڕن لە دروستکردنی ڕایگشتی بەرامبەر هەندێ بابەتی سیاسی وەك خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان یان پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکان کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بانگەشەکان و بلأوکردنەوەی پەیام و بەرنامە سیاسیەکان[2] .

ـ دەرکەوتنی هاولأتیبوونی گریمانەیی : تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەرگایان بەڕووی ئەنجامدانی کاری هاولأتیبووندا کردۆتەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە کە پێی دەوترێت هاولأتیبوونی گریمانەیی، باسکردنی بابەتی هاولأتیبوونیش دەمانباتە نێو کایەسیاسیەکەوەو پەیوەندیدارە بە ئەرك و مافی کۆمەلأیەتی سیاسی .

ـ کارابونی ڕۆڵی کۆمەلگەی مەدەنی: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵیان گێڕاوە لە گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی بۆنموونە هێزە سیاسیەکان لەسەرئاستی نەتەوەیی و لەنێو دونیای کۆمەلأیەتی

---

[1]. هەمان سەرچاوە ، ل21

[2]. محمد أبو عامود، الاتصال بالجماهير وصنع القرار السياسى ، دار الشروق للنشر والتوزيع القاهره، 2001، ص 143

تۆڕەکاندا توانیویانە بەرنامەی خۆیان پەخشبکەن، هەروەك سەندیکا و ڕێکخراوەکانی چین و توێژە جیاوازەکان لەم ڕێگایەوە توانیویانە چالاکانە کاربکەن و ئەندامەکانیان کۆبکەنەوەو کاریگەری دروستبکەن[1] .

## تایبە تمەندیەکانی تۆڕەکۆمەلآیەتیەکان[2] :

1. بەشداربوون : بەشێوەی هاندان لە بەشداربوون لەسەر بابەتی هاوڕێکان .
2. کرانەوە: یارمەتیدەرە لە کرانەوە و بەجیهانیبوون و بۆ کارئاسانی لە گەیشتنی کەسێك بە یەکێکیتر و تێپەڕاندنی هەر بەربەستێك و گۆڕینەوەی هەر زانیاری و بۆچونێك .
3. گفتوگۆ : ڕەخساندنی دەرفەتی گفتوگۆ و بەشداری و کارلێککردن لەگەڵ ڕووداوو هەواڵ و زانیاریەکاندا .
4. ناردنی نامە : دەرفەتی ناردن و وەرگرتنی نامە لەنێوان دووکەسی پەیوەندیدار .
5. کۆمەڵگە : دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ کۆمەڵگە ناوچەییەکان بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگە نێودەوڵەتیەکانەوە دەربارەی بابەتە هاوبەشەکان .
6. کۆمەڵەکان : دروستکردنی گروپ و کۆمەڵەی جیاوازی هاو بەرژەوەندی لەژێر هەرناوێکدا کەبتەوێت .

## دیارترین پێگەو تۆڕەکۆمەلآیەتیەکان :

### یەکەم/ فەیسبووك facebook:

یەکێکە لە بەناوبانگترین تۆڕەکۆمەلآیەتیەکان کە دیارترین کاریگەری کۆمەلآیەتی و سیاسی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، (مارك زوغر بیرغ) هەستا بە دروستکردنی فەیسبووك بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (داستین موسکوفیتز و کیس هیوز) کە دوو پسپۆڕی زانستی کۆمپیوتەربوون وهاوڕێی خوێندکاری (مارك زوغر) بوون لەزاکۆی هارڤاردی ئەمریکی، لەسەرەتادا ئەم تۆڕە تایبەت بوو بە خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد پاشان فراوانکرا بۆ کۆلێژەکانی دیکەی شاری بۆستن و دواتر زانکۆکانی ئیفی لیج و ستاندفۆرد، دواتر فراوانکرا بۆ هەرقوتابیەکی زانکۆیی لە ئەمەریکا و قوتابیانی ئامادەیی و دواتریش هەرکەسێك کە تەمەنی لەسەرووی 13 ساڵیەوە بێت، لە ئێستادا و لە تەواوی جیهاندا تۆڕی کۆمەلآیەتی فەیسبووك خاوەنی زیاتر لە ملیارو نیوێك بەکارهێنەرە. هاوکات فەیسبووك ڕووبەڕوی قەدەغەکردن بۆتەوە لە هەندێك لە ولآتان وەکو سوریاو ئێران و لەهەندێك کۆمپانیاشدا فەرمانبەران ڕێگەیان لێگیراوە کە فەیسبووك بەکاربهێنن لەبەرئەوەی کاتیان لێدەگرێت[3] .

---

1. هەمان سەرچاوە، ل 99
2. إبراهیمأحمدالدوي، شبکاتالتواصلالاجتماعي، 2016، ص 5
3. احصائیاتوسائلالتواصلالاجتماعی 2018، www.expandcart.com

فەیسبووك هاوكات لەگەڵ پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكاندا ڕۆڵێكی گەورەی ڕاگەیاندنی بینیوەو لەگەڵ بڵاوكردنـەوەی هەواڵەكان بەشێوەیەكی خێراتر دیاردەی رۆژنامەوانی هاوڵاتیشی هێنایە ئاراو هەرتاكێك دەتوانێت دەسپێشخەری بكات لە گەیاندن و بڵاو كردنەوەی ڕاستەوخۆی ڕوداوەكان پێش كەناڵە رۆژنامەوانیەكان[1] .

لەبواری سیاسیشدا ئەم تۆڕە وەكدەرفەتێكی كاریگەر بەكارهێنراوەو بۆ یەكـەمجاریش لـە هەڵبژاردنـەكانی سـاڵی 2008 ی سەرۆكایەتی ئەمەریكا بەكارهێنرا، هەربابەتێكی دیكەی سیاسی گەرمیش زیاد لەهەر میدیایەكی تر لـە فەیسبووك لەسەر ئاستی پەیجەفەرمی و نافەرمیەكان گفتوگۆی لەبارەوە دەكرێت، لـە ئێستاشـداو بەتایبـەت لـە وڵاتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میانەی پرۆسەكانی هەڵبژاردن فەیسبووك رۆڵێكی گەورە دەگێڕێت[2] .

لە ئێستادا فەیسبووك[3] :

- ژمـارەی بەكارهێنـەری چـالاكی فەیسـبووك مانگانـە دەگاتـە 2.2 ملیـار بەكارهێنـەر، رۆژانـەش 1.4 ملیـار بەكارهێنەری چالاكی رۆژانە .
- هەموورۆژێك 300 ملیۆن وێنە لە فەیسبووك دادەبەزێنرێت .
- بەشێوەیەكی رێژەیی لە هەمووچركەیەكدا 5 ئەكاونت دروستدەكرێت .
- بەرێژەی 30٪ بەكارهێنەری فەیسبووك تەمەنیان لەنێوان 25 بۆ 34 ساڵیدایە .
- لە فەیسبووكدا زۆرترین خواستی بەكارهێنەران لەسـەر سـەیركردنی ڤیدیۆیـە بەشـێوەیەك رۆژانـە دەگاتـە 8 ملیار بینەر.

## دووەم/ تویتەر Twitter:

یەكێكە لە بەناوبانگترین تۆڕەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە جیهاندا كە چەندین خزمەتگوزاری ناوازە پێشكەش بە بەشداربوانی دەكات، دیارترینیان نوسین و تێكست " تغرید" كە ڕێگە بە بەكارهێنەر دەدات كە تێكسـتێك كـە لە بەرزترین حاڵەتدا بگاتـە 280 پیـت بڵاوبكاتـەوە یـان وەك نامـەی تایبـەت بنێرێـت یـان وەك گفتوگـۆی خێـرا ئەنجامیبدات. پێگەی تویتەر لە ئاداری ساڵی 2006 دامەزرێنرا لەلایەن (جاك دورسی و نـوح غـلاس و بیزسـتون و ایفان ویلیامز)، لەماوەیەكی كەمدا و لە تەواوی جیهاندا سەدان ملیۆن بەكارهێنەری لـێ كۆبۆیـەوە و كاریگـەری زۆری لەهــەموو بوارەكانــدا دانــا بەتایبــەت لــە كایــەی سیاســیدا بەشــێوەیەك تویتــەر بوبــە نــاوێكی دیــاری

---

[1]. محمد أبو عامود، الاتصال بالجماهير وصنع القرار السياسي ، دار الشروق للنشر والتوزيع القاهرة، 2001، ص 143

[2]. . مجد الهاشمي، تكنولوجيا وسائل الاتصال الجماهيري،دار أسامة للنشر،عمان،ط1، 2012 ، ص 86

[3]. احصائياتوسائلالتواصلالاجتماعى 2018، www.expandcart.com

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەساڵی 2016 و بوو بە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵە بەپەلەکان بەوڕادەیەی کە لەڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا (40 ملیۆن ) پۆست لەبارەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بڵاوکرانەوە[1] .

لەبارەی تویتەرەوە[2]:

- ڕێژەی بەکارهێنەرانی ڕۆژانەی تویتەر دەگاتە 1.3 ملیار .
- لە ئێستادا تویتەر 330 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی مانگانەی هەیە، کە 70 ملیۆنیان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکان .
- بەکارهێنەری چالاکی ڕۆژانە دەگاتە 100 ملیۆن، و ڕۆژانەش 460 هەزار پێگەی نوێی تویتەر ڕۆژانە دروستدەکرێن.
- ڕۆژانە 140 ملیۆن و هەفتانە ملیارێك بابەت " تغرید " بڵاو دەکرێنەوە .

### 3– ئینستگرام:

پرۆگرامێکی خۆڕاییە بۆ گۆڕینەوەی وێنە هەروەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتیشە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2010 دامەزراوە و لە ئێستادا بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بەستراوەتەوە، ڕێگە بەبەکارهێنەرانی دەدات کە وێنە و پارچە ڤیدیۆ دابنێن و بەشداربن لە چەندین خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دیکە .

لەبارەی ئینستگرامەوە[3] :

- ئینستگرام زیاتر لە 500 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی ڕۆژانەی هەیە .
- لە دامەزراندنیەوە 40 ملیار وێنە بڵاوکراوەتەوە .
- ڕۆژانە 95 ملیۆن وێنە لە ئینستگرام دادەنرێت .
- ڕۆژانە 4.2 ملیار لایك و کۆمێنت ئەنجام دەدرێت .
- زۆربەی تەمەنی بەکارهێنەرانی ئینستگرام لە نێوان 18 بۆ 29 ساڵیدایە و 32 ٪ ی بەکارهێنەران خوێندکاری زانکۆن .

---

[1]. هەمان سەرچاوە

[2]. هەمان سەرچاوە

[3]. احصائیاتوسائلالتواصلالاجتماعی 2018، www.expandcart.com

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئاسایشی کۆمەڵایەتی چەمکێکە کە تیایدا تاك و دەوڵەت پێکەوە بەشدارو شەریکن لە دابینکردنی لەناو کۆمەڵگەیەکدا، بەشێوەیەکی وابەستە و بێ بچران و دورکەوتنەوە لە یەکتر، لە حاڵەتی ناسەقامگیری ئاسایش لە کۆمەڵگادا هەردوولا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر شانیان و دەکەونە بەر زیانەکانی ئەو نائارامیە، لە ئێستادا بەهۆی کەم بونەوەی توانای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتداران بەسەر کۆمەڵگادا، چەندین بزووتنەوە و رێکخراوی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە، بۆ ئەوەش روبەرووی هەر هۆکارێك دەبنەوە کە ئاسایشی کۆمەڵگا بخاتە مەترسیەوە، دەستیان داوەتە کۆمەڵە کارێك کە وا لە خەڵکی بکەن هەست بە سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیان بکەن.

لەلایەکی ترەوە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەتەواوەتی پەیوەستە بە ئاسایشی سیاسیەوە، بەڵام ناتوانرێت بوترێت کە بەتەواوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی یەکسانە بە ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی سیاسی پەیوەندیدارە بە گروپ و دامەزراوە سیاسیەکان و سیستمی دەوڵەتداری و ئایدۆلۆژیایەك کە دەوڵەت و حکومەت پەرەی پێدەدەن و پشتیوانی دەکەن، بەڵام ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە مانەوەو پایەداری گروپ و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداریان لە بیرو ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراستنی فەرهەنگ و یەکپارچەیی و پێکەوە ژیان، لە هەموو ئەمانە بە شوناسی کۆمەڵگەیەك ناو دەبرێن.[1]

لە ئەمڕۆدا لەبارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و چەمکی ئاسایش پێناسەو باسی جیاواز لە ئارادا هەن، هەندێك لەوانە دەیبەستنەوە بە ئاسایشی تاکەوە و بەجۆرێك پێیان وایە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هەست و ئابوڕووی تاك لە کۆمەڵگادا پارێزراو بێت و نەکەوێتە بەر زیادەڕەویەکانی تاك و گروپ و دەزگا جیاوازەکانی حکومی یان ئەهلی. هەندێك تێڕوانینی تر لایان وایە کە مەبەست لەو ئاسایشە هەمان ئاسایشی کۆمەڵایەتیە، واتە رێکخستن و بونیادی سیستمی ئاسایش لە کۆمەڵگادا بەجۆرێك بێت کە تیایدا ماڵ و گیانی خەڵکی لە کۆمەڵگادا پارێزراو بێت، لەم تێڕوانینەوە پاراستنی گیان و سامانی خەڵکی لە بەرپرسیاریەتیە یەکەمینەکانی هەر کەس و دەوڵەت و حکومڕانێکە.[2]

---

1. حسین مصلحتی، منوچهر لرنی، جامعه شناسی امنیت، فصلنامه مطالعوات امنیوت اجتماعی، سال دوم، شماره 6 ،7 ،تهران، 1385، ص77
2. منوچهر لرنی، آسیب شناسی امنیت، تهران: نشر پیام، 1383، ص 13

ئاسایشی کۆمەڵایەتی توانای کۆمەڵگەیە بۆ بەرگریکردن لە تایبەتمەندیەکانی و بنـەما بنەرەتیـەکانی لـە بەرانبـەر هەموو ئەو گۆڕانکاری و هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کۆمـەڵگا دەبنـەوە، ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی کاتێـك هەسـتی پێدەکرێت و دەردەکەوێت کە کۆمەڵگا هەست بەوە بکات کە شوناسی لە بەردەم هەڕەشەدایە. [1].

ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك پەیام و خواستێکی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هۆکارێکە بـۆ دەسـتەبەرکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و بەشداری بەرفراوانیان لـەناو کۆمەڵگاکەیانـدا، هەرچـەندە چـەمکی ئاسایش وێنەیەکی زهنی گشتی لای تاکەکان دروستدەکات، بەڵام لەبنەرەتدا ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی کـە هەنـدێك جیای دەکەنەوە لە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی گشی لەبنەرەتدا سـەقامگیری ئاسایشـی مـاددی و مەعنەویـە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.[2]

## دیدگا جیاوازەکان لەبارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە

باربین بوزان (BARBEN BUZAN) ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کاتێك دەبێتە پێداویستی تاکێکی کۆمەڵگە کە ئـەو تاکە خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵگەکەی بزانێـت، ئـەو پێـی وایـە تاکێـك لـە کۆمـەڵگادا خـۆی بـە (ئێمـە) ناسـاند و لەبەرامبەر کۆمەڵگادا هەستی بەرپرسیاریەتی هەبوو خۆی بەخاوەن ئەرك و ماف زانی ئـەوا پاراسـتی سـەروەت و سامان و گیانی ئەو دەبێتە ئەو کارەی کە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت.

هەر بۆیە هەرشـتێك کـە ببێتـە هـۆی تێکدانی وابەسـتەیی تاکـەکانی کۆمـەڵگا بەیـەکترەوە و تێکدانی شوناسـی کۆمەڵایەتی ئەوە دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی[3].

لە لایەکی ترەوە (بورزان و ویر) ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە دوولایەنەوە لێك دەدەنەوە (عینی و زهنی) پێیـان وایـە کە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەجۆرێکن کە لـە ڕووی بـیرو ئەندێشـەوە توانـای ئـەزموون کردنیـان هەیە، (بوزان) سەرەتاکانی دەستپێکردنی سەقامگیری ئاسایش لە ئەندێشەو زهنەوە دەناسێنێ ، ئـەو پێـی وایـە

1 . محسن نیازی و الهام شفایی مقدم و یاسمن شادفر. بررسی رابطه بین میزان سرمایه اجتماعی و احساس امنیت اجتماع ، فصلنامه جامعه شناسی مطالعات جوانان، سال دوم، شماره سوم9930 ، ص 132

2. ابراهیم پور، رحمت و محمود علمی، بررسی رابطه سرمایه اجتماعی بوا احسواس امنیت اجتماعی شهروندان شهر سردشت. فصلنامه مطالعوات جامعوه شناسوی ، سوال هفوتم ، شماره بیست و ششم1394، ص54

3. باری بوزان. مردم، دولتها و هوراس . ترجموه پژوهشوکده مطالعوات راهبوردی ، تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی. 1378، ل 3

کاراکتەرەکانی نێو بابـەتی ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی دەتـوانن کـار بکـەن، لـە ڕووی ئەندێشـەوە بچنە نێـو بابەتـە جیاوازەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەتوانن لایەنەکانی بونیاد یان تێکدانی ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی بناسـنەوە و هەموو دیاردە هەرەشە ئامێزەکان بۆ نا سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بناسنەوە[1].

(ئال ویرو) پێی وایە ئەبێت لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسیەوە بڕوانینە بابـەتی ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی پێناسـەی بکەین، پاشان دیدگاو بۆچونەکانی تر بخەینە ڕوو، هەربۆیە ئاسایش بە بابەتێکی دولایەنی (دەوڵـەت و کۆمـەڵگا) دەناسێنێت، چونکە لای وایە تاکەکانی کۆمەڵگا ناتوانن بێهەڵوێست بن بەرامبەر هەرشتێك کـە شوناسـیان بخاتـە بەر هەڕەشە و ئـەو کـارە بدەنـە دەسـت دەوڵـەت، هەربۆیـە بەشـداری تـاك و کۆمـەڵگا لـە بەرقـەراری ئاسایشـی کۆمەڵایەتی بە لایەنێکی گرنگ و کاریگەر دەزانێت[2].

(جلبی) باوەڕی وایە ئاسایش یەکێکە لە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵگا بۆ هاولاتیـانی کۆمەڵگاکـەی، هـەروەها ئاسـایش بە نەبوونی هەرەشەو ترس لەسـەر تاکـەکانی کۆمـەڵگا پێناسـە دەکـات. پێـی وایـە لـە ڕوی زهـنی و ئەندێشـەوە ئاسایش بریتیە لە هەستکردن بە ئارامی و نەبوونی ترس و هەڕەشە لەسەر ژیان، ئەگـەر چـی لـە هـەردوو لایـەنی (عینی و زهنی)یەوە ئاسایش وابەستەی یەکترە، بەڵام باسکردن لە ئاسایش لە لایەنی زهنی یەوە زیاتر جێی باس و گفتوگۆیە[3].

لەم ڕوانگانەوە دەتوانین بڵێین هەستکردن بە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەستکردنە بە نەبونی تـرس و هەڕەشە لەسەر ژیان و سامانی تاکەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی تایبەتمەندی و شوناسی کۆمەڵایەتی وبـەهای مـرۆڤ و مافە بنەرەتیەکانی تاك لە ناو کۆمەڵگادا .

(لویی التوسر LOUIS ALTHUSSER) لەسەر بنـەمای تیـۆری (فەرهـەنگی و ئایـدۆلۆژی) میـدیا و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکان وەك بەشێك لە دامەزراوە ئایدۆلۆژیەکان ئامرازگەلێکی بنەڕەتی هێزی دەسەڵاتی حوکمـدارین کـە ئەتوانن بە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی وێنەو پەیامی مەبەسـتدار، سیسـتمی جیهـانی یـان کۆمەڵایـەتی لـەڕووی ئەندێشەوە جارێکی تر بسازێننەوە[4].

---

[1]. ابراهیم پور، رحمت و علمی، محمود. بررسی رابطه سرمایه اجتماعی بوا احسواس امنیت اجتماعی شهروندان شهر سردشت. فصلنامه مطالعوات جامعوه شناسوی ، سوال هفوتم ، شماره بیست و ششم، 1394، ل444

[2]. سید عبدالحسین نبوی، حسین زاده، علی حسین و حسینی، سیده هاجر. بررسی عوامل اجتماعی و اقتصادی مؤثر بر امنیت اجتماعی. فصلنامه جامعه شناسی کاربردی .سال 19 ،شماره 4 ،زمستان. 1389 ، ل 88

[3]. مسعود چلبی،.تحلیل اجتماعی در فیای کنش. تهران، نشر نی. 1350، ل107

[4] حسن روحانی، رسانههای گروهی و امنیت ملی. راهبورد . شوماره 46 .زمسوتان و بهار. 1387، ل 37

کاتێك کە سود وەرگرتن لە پەیامە میدیایی توندو تـرس ئامێزەکـان دەبێتـە مۆدێـل و بـەرەو هەڵکشـان دەڕوات، هەستیاری و توندی مامەڵەی وەرگر لە ناو کۆمەڵگادا بەرەو زیـاد بـوون دەچـێت، ئاسـایی بونـەوەی خشـونەت و توندئاژۆیی لەلایەن وەرگرانەوە بەرەو زیاد بوون دەچێت و بـەها ڕەوشـتیو مرۆییـەکانی نێـو کۆمـەڵگاش بـەهۆی ئەو توندئاوەژۆییەوە بەرەو گۆڕان دەچن، ئەو بەها و هەڵوێستانەی کە توندئاژۆیی بە ناپەسـەند نیشـان دەدەن بەرەو کەم بونەوە کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن.

ئەم تیۆرە پیشانی دەدات کە میدیایەك کە تونـدئاژۆیی بـەبێ هـیچ بەربەسـت و ڕێگریـەك نیشـان دەدەن دەبێتـە هۆی گومڕایی وەرگرەکانی و ئەوان بەرامبەر بە هەموو دەرکەوتە خراپەکانی ئەو توند ئاژۆییە بێباك دەکـەن، لـە ئەنجامیشدا وەرگر بەرامبەر بە دەرکەوتـە خراپـەکان لـە کۆمـەڵگادا نیگـەرانی پیشـان نـادات و ئـەو بابەتانـەی لا ئاسایی دەبێتەوە، هەر ئەمەشە بنەمای سەرهەڵدانی نائارامی لە کۆمەڵگادا و ئاسـایش نـاتوانێ لـەو کۆمەڵگایـەدا سەقامگیر بێت، لانی کەم هاولاتیان ناتوانن هەست بە ئاسایش بکەن لە ناو کۆمەڵگاکەیاندا[1].

(تیلو رو هیل TAYLOR & HALE) کە ناسراون بە گەورە تاوان ناسانی میدیا، پێیان وایە کە یەکێك لە ڕێبازە تیۆریەکان لە بارەی هەستکردن بە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیـەوە پشتئەسـتورە بـەوەی کـە هەسـتکردن بـە نائارامی کۆمەڵایەتی بەرهەمی روبەڕوبوونەوەی تاکە بەرامبەر بە تاوان و تاوانکاری یان دەرچـوون لێـی، ئەمـەش بـەهۆی بیسـتن و ڕێکارەکـانی تـری پەیوەنـدی و میـدیا گشـتیەکان، لەنێویشـیاندا نیشـاندان و خسـتنەڕووی حاڵەتەکانی نا ئارامی و بونیادی نا ئارامی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر وەرگر پیشان دەدات لەبارەی دیـاریکردن و دەستنیشـانکردنی ئـەو بابەتانـەی کـە نـا ئـارامی لـە کۆمـەڵگادا بونیـاد دەنـێن، هەرچـەندە وا نیشاندەدرێت کە ئەو حاڵەتانە بەشێکی بچوکی کاریگەرین لەسەر تاك بـۆ دروسـتکردنی نـا ئـارامی کۆمەڵایـەتی و تێکدانی ئاسایش لە کۆمەڵگادا[2].

(دانیل لرنر DANIEL LERNER) لە یەکێك لە لێکۆڵینـەوەکانی کـە لەسـەر وڵاتـانی جیهـانی سـێهەم ئـەنجامی داوە گەشـتوەتە چـەند ئـەنجامێك، یـەکێك لـەو ئەنجامانـە کاریگـەری میـدیا کۆمەڵایەتیەکانـە لەسـەر گـۆڕانی ئەندێشەی تاك، بە بۆچوونی ئەو ڕاگەیاندنەکان لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا بۆتە هۆی ئاشنایی و ناسـاندنی توانا و زەمینەجیاوازەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو و بەرزکردنەوەی ئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەوان، نیشانیشی بـدەن

---

[1]. جلیل عزیزیو حیدرخانی، هابیول. اینترنوت و چوالش هوا ی امنیتوی . خورم آبواد : همایش ملی احساس امنیت. تابستان. 1391، ل 45

[2]. سیدمحمد دادگران، مبانی ارتبار جمعی. تهران: انتشارات فیروزه. 1374، ل 132

که کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم چەند بێ توانان، ئەمەش وادەکات کە تاکەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم خۆیان بە بێبەش بزانن و دەنگی ناڕەزایەتیەکانیان بەرزتر بکەوە، ئەم ناڕەزایی و خۆبەکەمزانی و بێبەشبوونەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم کە لە ئەنجامی بەراوردی کۆمەڵایەتی و تواناکانی کۆمەڵگاکاندا دێتە بەرهەم ئەبێتە هۆی نائارامی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی[1].

## ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ڕاگەیاندن بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگ لە خستنەڕووی بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی سازێنەرەکانی ڕای گشتی دەبینێت، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لەم نێوەندەدا میدیاکان بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبوونی خێراو بەرچاویان لەڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە، لەکاری خۆیاندا دەتوانن هەم هەڕەشەیەکبن بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەمیش هەلێکبن بۆ بەرسەقامگیرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

میدیاکان بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی ڕۆڵێکی هاوژیانی لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەبینن، مرۆڤەکان دەخەنە نێو گەنجینەی زانیاریەکانەوە، بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین لە دنیای میدیادا مرۆڤاکان جارێکی تر لەدایك دەبنەوە و بەهاو عادات و تەقالیدی نوێ وەردەگرن، میدیاکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە گۆڕانی بیروباوەڕ و فەرهەنگ دەبینن.

میدیاکان لەڕاستیدا دروستکەر و بونیادنەری ڕای گشتین و لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارن بۆ ڕێگریکردن لە دروستکردنی ڕایگشتی، بەیەك ووشە دەتوانن سەبارەت بە بیرکردنەوەو جیهانبینی تاکی کۆمەڵگا کاریگەری دابنێن، چۆن جیهانبینی مرۆڤەکان زۆر بەتوندی شوێنکەوتەی کارو پەیامی میدیاکانە، لەدنیای نوێدا بەبێ بەشدارکردنی میدیا لە هەر کارێکدا ناتوانین هیچ کارێك بەبەرهەم بگەیەنین، ئەمڕۆش میدیاکان بەگشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت بە هەموو لایەنەکانی کاریانەوە دیاریکراوو کاریگەرن، پێگەی تایبەتیان هەیە لە کۆمەڵگادا، گرنگترین ئەرکی میدیا بریتیە لە ئەرکی تەرفیهیەت، خۆشی بەخشی، زانیاری گەیاندن و فەرهەنگ سازی کۆمەڵایەتیە. جێبەجێکردنی ڕۆڵی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وایکردووە کە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە بە کاریگەرترین هۆکاری بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی وابەستەیی خەڵك بە کۆمەڵگاو بەشداری لە کاروبارەکانی کۆمەڵگا بناسرێن، هەروەها ئەو جۆرە میدیا گشتیانە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەیە لە

---

[1]. هەمان سەرچاوە ، ل133

جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسی و ئاسایشی و بەشداری خەڵك لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە[1]. میدیا لە سەقامگیری پەیوەندی عەقڵانی و فراوانکردنی زەمینەی گشتی بۆ خستنەڕووی گرنگی و بەهای بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سازێنەریان هەیە، لەسەر بنەمای ئەمەش، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەك میدیایەکی بەرفراوان لەناو خەڵکدا بە ڕومالی بەرفراوانی هەواڵ و ڕوداووی گەورەو بچوك و گەیاندنی زانیاریەکانی پەیوەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تاوان و پێشکەشکردنی بابەت و بەرنامەی خوازراویان لەسەر فێرکاری و بەشداری لە ئاسایش و تەنانەت فێرکردنی شێوازەکانی پاراستنی سامان و گیانی تاك. بەجۆرێك زەمینەیەکی لەبار بۆ هاوکاری و بەشداریکردنی خەڵك بڕەخسێنێ، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بونەتە مەیدانێکی بەرفراوان بۆ گفتوگۆی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر بابەتە جیاوازەکان کە لەو ڕێگەیەوە هەمووان دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، بەهۆی ئەمەشەوە لەنێوان مرۆڤەکاندا تێگەیشتن و پێکگەیشتن دروست دەبێت و ئەشێ توندئاژۆیی یان نەرمونیانی لەنێو کۆمەڵگادا بۆیەکتر و بە پەیامی جیاواز بگوازنەوە، ئەمەش جیهانێکی نوێی دروستکردوە کە تیایدا دەرکردن و ڕەتکردنەوەی میدیا ناڕەخسێت و ناگونجێ[2].

میدیاکان بەگشتی و لەنێویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر دژوارن و بونەتە شمشێری دووسەرە، کە هەم ئەتوانن دەرکەوتەی باشیان هەبێت وەهەمیش دەرکەوتەو کاریگەری خراپ، لەم ڕوانگەیەوە میدیاکان بونیاد و گوزەری چەسپاندنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەشداری پێکەوەیی تاکەکان لەلایەن بابەتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە ڕووی باشەدا ببەن وەهەمیش بە پێچەوانەوە، بە جۆرێك ئەتوانین بڵێین میدیا لە بونیادی فەرهەنگی و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و پێوەژیان و ئارامی کۆمەڵگادا بەدرێژایی مێژوو هەم توانیویانەو دەشتوانن کاریگەری باشیان هەبێت وەیاخود کاریگەری خراپ.

لەنێو سیستمێکی پێکەوەیی و هاوکاری لەنێو میدیادا بەرقەراری چەسپاندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی چاوەڕوانکراوە، بەڵام لە بێسەرەوبەری کاری میدیا و ڕێکنەخستنی میدیا و کارەکانی لە چوارچێوەی ئیتیکی کۆمەڵایەتی و یاسا و ڕێنماییەکاندا، ترس و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تێك چوونی ئارامی کۆمەڵایەتی پێشبینیکراوە، هەربۆیە بەلەبەرچاو گرتنی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و دیدو بۆچونی خاوەن تیۆر و پسپۆرانی بواری میدیا وکۆمەڵناسی و ئەوانەی کە شارەزای دیاریکردنی هۆکارەکاریگەریەکانی چەسپاندن یان

---

1. مصطفوی، فرحناز. نقش رسانهها در امنیت اجتماعی، فصلنامه علمی- تخصصوی دانش انتظامی پلیس پایتخت، سال هشتم، شماره 9 ، 1394، ل 118

2. (ساروخانی، سەرچاوەی پێشوو ل 45)

نەمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیەن لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەشێ کار لەسەر کاریگەری بەشێك یان جۆرێك لە میدیا بکەین بۆ زانینی کاریگەری ئەو میدیایە لە سەقامگیری لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە ئەمەش لە هەستی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دروست دەبن، بەجۆرێك کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەك میدیایەکی نوێ چیان کردوە بۆئەوەی کە خەڵکی هەست بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکات لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا یاخود چی ئەو میدیایە بوەتە هۆی ئەوەی کە هەست بە نەبونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکات.

بەجۆرێك لە باسکردنی هەست بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەست کردنە بە ئاسایشی گیان و ئاسایشی ماڵ و سامان، ئاسایشی پێکەوەژیان و گشتی کۆمەڵایەتی، لەبەرامبەر ئەمەشدا میدیایەك هەیە لەژێر ناوی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە بەگشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەند جۆرێك هەن بەناوی جیاوازەوەو بەکاردەهێنرێت بەرچاو ترینیان (فەیسبووك، تویتەر، یوتیوب، ....)

# پراکتیکنامە

## ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لای هاوڵاتیانی شاری سلێمانی

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر رۆشنایی میتۆدی وەصفی دا ئەنجامدراوە کەمیتۆدێکی تایبەتە لەبواری توێژینەوە لە سەر کاریگەری میدیاو هەولێکی زانستی ڕێکخراویشە بۆبەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە ئاستی ڕۆڵ و گرنگی بابەتێکی دیاریکراو دیاریدەکات ، لەم میتۆدەشدا پەیرەوی ڕێبازی ڕووپێوی (مسحی) کراوە.
کۆمەلگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە هاولاتیانی شاری سلێمانی کە تەمنیان لە 18 سال زیاترە. بۆ وەرگرتنی نموونەش بەڕێکاری هەرەمەکی دەبێت بەسود وەرگرتن لە ڕێبازی و خشتەی (مۆرگان) بۆ دیاریکردنی نمونەی لێکۆڵینەوە دەبێت. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریش بریتیە لە فۆرمی راپرسی، پرسیارەکانی راپرسیەکەش بە ڕێکاری تایبەتی راستی و جێگیریدا تێپەڕیون و بە ڕێکارو یاسای ئەلفای کرونباخ 82٪ ی بەدەست هێناوە کە ڕێژەیەکی دروست بەخشە بە پرسیارەکانی راپرسیەکە بۆ شیکاری زانیاریەکانیش سود لە ژمارەی دووبارەی گۆڕاوەکان و ڕێژەی سەدی و پلەبەندیان وەرگیراوە. ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیارەکان و شەنو کەوکردنیان لەم چەند خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو

**خشتەی ژمارە (1)**

**پۆلینی بەشداربوانی راپرسی لە سەر بنەمای ڕەگەز**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 210 | | یەکەم |
| 2 | مێ | 165 | | دووەم |
| کۆ | | 375 | ٪100 | |

بەشداربوانیی راپرسی توێژینەوەکە و پۆلینکردنیان بەپێی بنەمای ڕەگەز نیشاندەری ئەوەن کە ڕێژەی بەشداربوانمان کە هەڵبژاردنی بەشێوەیەکی هەرەمەکی بووە بە پلەی یەکەم لە رەگەزی نێرن کە ڕێژەکەیان دەگاتە 210 کەس لە کۆی 375 کەس کە بەڕێژەی سەدی دەکاتە 56٪ی بەشداربوان. ئەم ئەنجامەی نمونەی

توێژینەوەکەی ئێمە نیشاندەری ئەوەیە کە ڕەگەزی نێر لە شاری سلێمانی بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ زیاترە بەڕێژەی 6٪، لە تەمەنێکی دیاریکراودا کە دابەشبونی بەشداربوانی ڕاپرسیە لەسەر بنەمای تەمەن.

**خشتەی ژمارە (2)**

**پۆلینی بەشداربوانی ڕاپرسی لە سەر بنەمای تەمەن**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 18–22 | 65 | ٪17.4 | چوارەم |
| 2 | 23–27 | 82 | ٪21.8 | یەکەم |
| 3 | 28–32 | 72 | ٪19.3 | سێهەم |
| 4 | 33–37 | 43 | ٪11.3 | پێنجەم |
| 5 | 38–42 | 81 | ٪21.6 | دووەم |
| 6 | 43 – زیاتر | 32 | ٪8.6 | شەشەم |
| کۆ | | 375 | ٪100 | |

خشتەی ژمارە (2) نیشاندەری ئەوەیە کە بەپلەی یەکەم بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان 23–27 ساڵە بە ڕێژەی 21.8 ٪ بە پلەی دووەم بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان 38–42 ساڵە بە ڕێژەی 21.6٪، کەمترین بەشداربوش تەمەنی لە 43 ساڵ یان زیاترە، بە ڕێژەی 8.6٪.

**نەخشەی ژمارە (3):**

**بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لە لایەن بەشداربوانی ڕاپرسی لێکۆڵینەوەکەوە**

**(ئایا بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی)**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 350 | ٪93.3 | یەکەم |
| 2 | نەخێر | 25 | ٪6.7 | دووەم |
| کۆ | | 375 | ٪100 | |

نەخشەی ژمارە (3) نیشاندەری ئەوەن کە زۆربەی بەشداربوانی ڕاپرسیەکەمان بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە بەڕێژەی 93.3٪ ی بەشداربوان

**نەخشەی ژمارە (4)**

**خستنە ڕووی زۆرترین بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لە لایەن بەشداربوانی ڕاپرسی**

**(بەزۆری بەکارهێنەری کام یەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی؟)**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبووك | 174 | ٪49.7 | چوارەم |
| 2 | تویتەر | 22 | ٪6.3 | یەکەم |
| 3 | یوتیوب | 52 | ٪14.8 | سێهەم |
| 4 | ئینستاگرام | 77 | ٪22 | پێنجەم |
| 5 | تلیگرام | 25 | ٪7.2 | دووەم |
| کۆ | | 350 | ٪100 | |

بەپێی زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (4) بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕێژەیان 350 کەسە لە کۆی 375 کەس بە ڕێژەی ٪49.7 بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکن کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربوانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانن، کە بەزۆری فەیسبووك بەکار دەهێنن، بە پلەی دووەم بەکارهێنەرانی ئینستاگرام دێت کە بەزۆری بەکاری دەهێنن کە ڕێژەیان ٪22، بە پلەی سێهەمیش تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب دێت کە ٪14.8 بەکاری دەهێنن، هەر یەکە لە تیلیگرام بە ڕێژەی ٪7.2 و تویتەر بە ڕێژەی ٪6.3 لە پلە کۆتاییەکانن.

**نەخشەی ژمارە (5):**

**خستنە رووی کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان**

**(ڕۆژانە چەند کاتت تەرخانکردوە بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)**

| ز | گۆڕاو | 2–1 | | 4–3 | | 6–5 | | 6 – زیاتر | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | |
| 1 | فەیسبووك | 50 | ٪14.5 | 95 | ٪27 | 165 | ٪47 | 40 | ٪11.5 | 350 |
| 2 | تویتەر | 135 | ٪39 | 105 | ٪30 | 45 | ٪12.5 | 65 | ٪18.5 | 350 |
| 3 | یوتیوب | 103 | ٪29 | 97 | ٪28 | 78 | ٪22 | 72 | ٪21 | 350 |
| 4 | ئینستاگرام | 63 | ٪18 | 72 | ٪21 | 162 | ٪47.5 | 52 | ٪14.5 | 350 |
| 5 | تلیگرام | 223 | ٪64 | 66 | ٪19 | 44 | ٪13 | 17 | ٪5 | 350 |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (5) ڕونی دەکاتەوە کە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین کاتیان بۆ بەکارهێنانی فەیسبوك بەخەرج دەدەن بەڕێژەی 47٪ ماوەی تەرخانکراویان بۆ بەکارهێنانی فەیسبوك 5–6 کاتژمێرە، ئەوانەی کە 3–4 کاتژمێر بەکاری دەهێنن بەپلەی دووەم دێن بە ڕێژەی 27٪، ئەوانەش کە ماوەی 1–2 کاتژمێر دەدەنە فەیسبووك 14.5٪ دەبن، کەمترین کەسانێکیش لە شەش کاتژمێر زیاتر فەیسبووك بەکار دەهێنن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینیستاگرام کە بەپلەی دووەم دێت لە بەکارهێنانی لە لایەن بەشداربوانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین کاتی تەرخان کراو کە زۆرترین بەشداربوو بەخەرجی دەدەن 5–6 کاتژمێرە کە بەڕێژەی 47.5٪ تۆمارکراوە، بە پەلەی دووەم کاتی تەرخان کراو بۆ ئینستاگرام 3–4 کاتژمێرە کە 21٪ ی بەکاربەرانن.

زۆربەی بەکار بەرانی یوتیوب کەمترین کاتیان بۆ بەکارهێنانی یوتیوب بەخەرج دەدەن کە لەنێوان 1–2 کاتژمێرە بەڕێژەی 29٪ ، ئەوانەش کە 3–4 کاتژمێر بەکاری دەهێنن ڕێژەیان 28٪ دەبێت، ڕێژەیەکی کەمی ئەوان 5–6 کاتژمێر بەکاری دەهێنن کە 22٪ و لەو کاتەش زیاتر 21٪ بەشدار بوانن.

بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کەمترین کات دەدەن بە بەکارهێنانی تویتەر بەڕێژەی 39٪ تەنها بۆ ماوەی 1–2 کاتژمێر بەکاری دەهێنن، 30٪ بۆماوەی 3–4 کاتژمێرە ، 12.5٪ کاتی خەرجکراو لە تویتەر 5–6 کاتژمێرەو 18.5٪ لە شەش کاتژمێر زیاترە.

بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەمترین بەکارهێنەری تیلیگرامن بەڕێژەی 64٪ تەنها 1–2 کاتژمێر تلگرام بەکار دەهێنن.

**نەخشەی ژمارە (6):**

**خستە ڕووی ڕادەی خۆپارێزی لە بڵاوبونەوەی ژیانی تایبەتی کەسەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا**

**(تا چ ڕادەیەك خۆپارێزی دەکەیت لە ژیانی تایبەت لەترسی بڵاو بونەوەی تایبەتمەندیەکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 197 | 56٪ | یەکەم |
| 2 | تارادەیەك | 82 | 23.5٪ | دووەم |
| | کەم | 71 | 20.5٪ | سێهەم |
| | هیچ | 0 | 0 | 0 |
| کۆ | | 350 | 100٪ | |

خشتەی ژمارە (6) کە ڕادەی خۆپارێزی تاکی کۆمەڵگا نیشان دەدات بەرانبەر بڵاو بونەوەی بابەتە تایبەتەکانی کە پەیوەستن بە ژیانی تایبەتەوە، هەموو بەشداربوان خۆپارێزیان لەو بابەتە هەیە بە ڕێژەی جیاواز. بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداربوانی راپرسیەکە خۆپارێزیەکی زۆریان لەو بابەتە هەیە کە 56٪ ی بەشدار بوانن، ڕێژەی 23.5٪ تارادەیەك خۆپارێزی دەکەن، 20.5٪ ش خۆپارێزیان بەرادەیەکی کەم هەیە، هیچ یەکێك لە بەشداربوان نەبوو کە هیچ خۆپارێزی لەو بابەتە نەبێت. ئەمەش نیشاندەری بونی ترسە لای هاولاتیان لە مومارەسەکردنی ژیانی تایبەتی خۆیان لەبەر بلاو بونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

**نەخشەی ژمارە (7):**

**خستە ڕووی ڕادەی هەستکردن بە بە ئاسایشی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە**

**زانیاریەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەند وات لێدەکەن کە هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگاکەت بکەیت؟**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 145 | ٪41 | یەکەم |
| 2 | تارادەیەك | 99 | ٪28 | دووەم |
| | کەم | 81 | ٪23 | سێهەم |
| | هیچ | 25 | ٪8 | چوارەم |
| کۆ | | 350 | ٪100 | |

بەپێی زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (7) بە رشادەیەکی زۆر هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی کۆمەلچگا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەخوێنرێتەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بە ڕێژەی 41٪ پێیان وایە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە رادەی زۆر نیشاندەری ئەوەن کە نا سەقامگیری کۆمەڵگا بونی هەیە، 28٪ پێیان وایە ئەو بابەتە تارادەیەکە، 23٪ بە رادەی کەم ئەوە دەبینن، 8٪ پێیان وایە ناسەقاکگیری ئاسایشی کۆمەڵ لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رەنگدانەوەی نییە و کۆمەڵگا ئاسایشی سەقامگیرە.

## نەخشەی ژمارە (8):

## خستە ڕووی ڕادەی هەستکردن بە بە ئاسایشی سەروەت و سامان لە ڕوانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەواڵ و زانیاریەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەند وات لێدەکەن کە هەست بە ناسەقامگیری ئاسایش و نە پارێزراوی سەروەت و سامانت بکەیت؟

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 95 | ٪27 | دووەم |
| 2 | تارادەیەك | 89 | ٪25 | سێهەم |
| | کەم | 111 | ٪32 | یەکەم |
| | هیچ | 55 | ٪16 | چوارەم |
| کۆ | | 350 | ٪100 | |

خشتەی ژمارە (8) سەبارەت بە هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی سەروەتو سامانی تاك دەریدەخات کە زۆرترین ڕێژە کە 32 ٪ ە پێیان وایە کە کەمتر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وایان لێدەکات هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی سەروەت و سامانیان بکەن، ئەوانەی پێیان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆر ڕۆڵدەبینن بۆ ئەوەی کە هەست بە نا سەقامگیری ئاسایشی سەروەت و سامانیان بکەن 27 ٪ و ئەوانەش کە رایان وایە تارادەیەك تۆڕە کۆمەڵایەیتیەکان لەبارەوە ڕۆڵ دەبینن بە پلەی سێهەم دێن بەڕێژەی 25٪، ڕێژەی 16٪ پێیان وایە هیچ حاڵەتیك نیە کە وات لیَ بکات کە هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی سەروەتو سامانت بکەیت.

## نەخشەی ژمارە (9):

## خستە ڕووی ڕادەی هەستکردن بە بە ئاسایشی گیانی لە ڕوانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زانیاریەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەند وات لێدەکەن کە هەست بە ناسەقامگیری ئاسایش گیانی بکەیت؟

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 79 | ٪23 | سێهەم |
| 2 | تارادەیەك | 71 | ٪20 | چوارەم |
| | کەم | 115 | ٪33 | یەکەم |
| | هیچ | 85 | ٪24 | دووەم |
| کۆ | | 350 | ٪100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (9) سەبارەت بە هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی گیانی لای تاک دەریدەخات کە زۆرترین ڕێژە کە 33 ٪ ە پێیان وایە کە کەمتر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وایان لێدەکات هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی گیانی بکەن، ئەوانەی پێیان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وایان لێناکات کە هەست بکەن ئاسایشی گیانیان لە خەتەردایە لە پلەی دوەمدان بە ڕێژەی 24٪ ، لە پلەی سێهەمیشدا کە 23٪ ئەوانەن کە پێیان وایە زۆر هەستی نا سەقامگیری ئاسایشی گیانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبینرێت و وا دەکات هەست بە نا سەقامگیری ئاسایشی گیانی بکەیت، پلەی چوارەم ئەوانەن کە تارادەیك هەست بەو حالچەتەدەکەن ڕێژەگەی دەگاتە 20٪.

**نەخشەی ژمارە (10)**

**خستنە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیەی کە هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاتر بە خەلچك دەدات**

**(زیاتر لە کام تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە هەستی ناسەقامگیری ئاسایش کۆمەڵایەتی وەردەگری؟)**

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبووك | 290 | 84٪ | چوارەم |
| 2 | تویتەر | 6 | 1.5٪ | یەکەم |
| 3 | یوتیوب | 40 | 11٪ | سێهەم |
| 4 | ئینستاگرام | 8 | 2٪ | پێنجەم |
| 5 | تلیگرام | 6 | 1.5٪ | دووەم |
| کۆ | | 350 | 100٪ | |

خشتە ژمارە (10 ) نیشاندەری ئەوەیە کە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەردەگرن کە ڕێژەکەیان 84٪، لەبرانبەردا یوتیوب بە پلەی دوەم دێت بە ڕێژەیەکی کە کە 11٪، هەروەها هەر بەپێی ئەو زانیاریانە هەریەك لە ئینستاگرام و تیلیگرام و تویتەر هەستی ناسەقامگیری زۆر بەکەمی دەبەخشت، بەو جۆرە بێت ئەوان زیاتر هەستی سەقامگیری دەبەخشت بە پێچەوانەی فەیسبووکەوە.

سەبارەت بە خستە ڕووی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە تاك لە کۆمەڵگادا هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکات، ئەو هۆکارانەش کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك لە کۆمەڵگادا هەست بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی بکات. لە ئەنجامی ئاراستەکردنی پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن وا لەتاك وا لە تۆرشەکۆمەڵایەتیەکان دەکەن هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لای تاکی کۆمەڵگا دروست بکەن، یاخود بە پێچەوانەوە، لەو وەڵامانەی کە دراونەتەوە و زۆر دووبارە بونەتەوە ئەم هۆکارانە دیاریکراون، بەجۆرێك هەر بەشداربویەك توانیویەتی زیاد لە هۆکارێك دیاری بکات، لە خشتەی ژمارە (11) ئەو هۆکارانە بەیانکراون کە ڕێژەی دووبارە بونەوەیان 25٪ بووە.

**نەخشەی ژمارە (11):**

**خستە ڕووی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە تاك لە کۆمەڵگادا هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکات، ئەو هۆکارانەش کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك لە کۆمەڵگادا هەست بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی بکات**

| ز | هۆکارە هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا | هۆکارە هەستکردن بە سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا |
|---|---|---|
| 1 | بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتن لە ناو کۆمەڵگادا | بڵاوکردنەوەی وێنەو هەواڵی خۆشی دەربڕین لە گەشت و ڤستیڤاڵ و ئاهەنگەکان |
| 2 | بڵاوکردنەوەی هەواڵی دزی و فراندن | نیشاندانی بەردەوامی چالاکیە هونەری و زانستیەکان |
| 3 | بڵاوکردنەوەی دانپێدانانەکانی تاوانباران | بینینی چالاکیە وەرزشیەکان |
| 4 | بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆی دراما توند ئاژۆکان | خستنە رووی چالاکی هێزە ئەمنیەکان و دەسگیرکردنی تاوانباران |
| 5 | نوسینی کۆمێنت و پۆستی هەڕەشەئامێز | دەرخستن و نیشاندانی کەسانی دەست پاك |
| 6 | وتنی قسەی ناتەندروست و توند لە لایڤی هاوڵاتیاندا | خستنە رووی هەڵمەتەکانی هاوکاریکردن و خزمەتگوزاری لە نێو کۆمەڵگادا |
| 7 | نوسن و وتنی وتارە بێ ئومێد کەرو باسکردن لە دارمانی کۆمەڵایەتی | نوسینی کۆمێنت و پۆستی دەس خۆشکەرانەو سوپاسگوزاری بەرانبەر بە یەکتری لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا |
| 8 | خستنە رووی ژیانی کەم دەرامەت و هەژارەو نەخۆشەکان بەشێوەی دڵهەژێنەر | نیشاندانی ڕێزگرتن لە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆیی و دینیەکان |
| 9 | پیشاندان و باسکردن لە فرێدانی منالانی ساوا لەسەر شەقامەکان | |

# دەرەنجام

ئەو دەرەنجامانەی کە لە ئەنجامی شەنوکەوکردنی زانیاریەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی گەیشتوین بریتین لە:

- زۆرترینی بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە شاری سلێمانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکار دەهێنن. لێرەوەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەستکردن بە نا سەقامگیری کۆمەڵایەتی یاخود سەقامگیری لە روانگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە بە زۆری لەسەر ڕوپەڕە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوەیە.

— ڕێژەی هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی پەیامە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە ڕێژەیەکی بەرزە و هاولاتیان لەو پەیامانەوەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە وەریدەگرن هەستێکی وایان لا دروست دەبێت کە گۆمەڵگاکەیان ئاسایش تیایدا بەرقەرار نییە، ئاسایشی کۆمەڵگاش بەشێکە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بنەمایەکی گرنگیشە.

- هەستکردن بە بونی ترس و هەرەشە لەسەر ئاسایشی سەروەت و سامانی خەڵی ڕێژەیەکی بەرچاوە، لای تاکی هاولاتی ڕوپەڕی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان نیشاندەری حاڵەتی ناسەقامگیری ئاسایشی سەروەت و سامانی تاکن لە کۆمەڵگادا، ئەگەر چی بە بەراورد بە ئاسایشی کۆمەڵگا ڕێژەیەکی کەمترە. بەلام بونی هەیە.

- هەستکردن بە نا سەقامگیری ئاسایشی گیانی لە ڕوپەڕی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە بە بەراورد بە هەریەك لە بنەماکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ( ئاسایشی کۆمەڵگاو ئاسایشی سەروەت و سامان) ڕێژەیەکی کەمتری تۆمار کردووە، ئەگەر چی ڕێژەکە هەر بەرچاوە و هەست بە ناسەقامگیری ئاسایشی گیانی دەکرێت بەڵام بەرادەی کەمتر لە بنەماکانی تری ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

- زیاتر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیەی کە هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، لەبەرامبەر ئەمەشدا تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام و تلیگرام و تویتەر هەستی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات بە بەراورد بە فەیس بووك.

- زیاتری ئەو هۆکارانەش کە دەبنە هۆی بەخشینی هەستی ناسەقامگیری خۆیان دەبیننەوە لە بڵاو کردنەوەی هەواڵی ترس بەخش و کوشتن و بڕین و دزی کردن و رفاندن و دانپێدانانی تاوانباران، لە بەرانبەریشدا خستنە رووی چالاکیەکانی هێزەکانی ئاسایشی و چالاکیە کۆمەڵایەتی و زانستی و وەرزشەی و خۆشی بەخشیەکان هەستی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبەخشن

## راسپاردەکان

لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەوە توێژەران ئەم راسپاردانە بە لایەنی پەیوەندیدار دەبەخشن لە پێناو بەخشینی هەستی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا.

ـ رێگری کردن لە نیشاندانی وێنەی تاوانکاری و بڵاو بونەوەی هەواڵی دزی و کوشتن و برین لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە کاراکردنەوەی داواکاری گشتی و دەرکردنی یاساو رێنمایی تایبەت

ـ برەودان بە بەردەوامی چالاکی خۆشی بەخشی و زانستی لە ناو کۆمەڵگاداو رەنگ دانەوەی لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ـ رێگری لە سوکایەتی بە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ئاینی و نەتەوەییەکان لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ـ رێگری لە بڵاو بونەوەی ئەو درامایانەی کە گرتەی توندوتیژیان تێدایە تا لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان پەرەی پێ نەدەن.

ـ وەڵام دانەوە و رەد کردنەوەی هەر هەواڵێکی ترسێنەر کە بە درۆ یان بە زانیاری هەڵە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو دەبێتەوە لە لایەن لایەنی فەرمی پەیوەند دارەوە.

## پێشنیازەکان

توێژەران بۆ درێژەدان بە توێژینەوە لەم بارەوە پێشنیازی ئەم تەوەرەو ناونیشانانە دەکەن بۆ توێژەرانی دواتر کە کاریان لەسەر بکەن.

ـ رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە پەرەدان بە سەقامگیری ئاسایشی نەتەوەیی

ـ رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە پاراستنی شوناسی کۆمەڵگا

ـ رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە ئارامی کۆمەڵگا و گەشەی هەستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی عەرەبی


1. إبراهيمأ حمدالدوي، شبكات التواصل الاجتماعي، 2016، ص 5
2. احصائيات وسائلال تواصل الاجتماعى 2018، www.expandcart.com
3. عباس صادق، الإعلام الجديد: المفاهيم والوسائل والتطبيقات، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2008
4. غزال مريم و شعوبي نور الهدى ، تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على تنمية الوعي السياسي لدى الطالبة الجامعين، رساله غير منشورة، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة ، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية ، قسم العلوم الإنسانية، 2014
5. مجد الهاشمي، تكنولوجيا وسائل الاتصال الجماهيري، دار أسامة للنشر،عمان،ط1، 2012
6. محمد أبو عامود، الاتصال بالجماهير وصنع القرار السياسى ، دار الشروق للنشر والتوزيع القاهره، 2001
7. وليد رشاد زكي، نظرية الشبكات الاجتماعية ، 2012


## سەرچاوەی فارسی


1. ابراهیم پور، رحمت و علمی، محمود. بررسی رابطه سرمایه اجتماعی بوا احسواس امنیت اجتماعی شهروندان شهر سردشت. فصلنامه مطالعوات جامعوه شناسوی ، سوال هفوتم ، شماره بیست و ششم، 1394
2. باری بوزان. مردم، دولتها و هوراس . ترجموه پژوهشوکده مطالعوات راهبوردی ، تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی. 1378
3. باقر ساروخانی، جامعه شناسي ارطباتات، تهران، انتشارات اطلاعات، 1376
4. جلیل عزیزی و حیدرخانی، اینترنوت و چالش هوا ی امنیتی.همایش ملی احساس امنیت. تابستان. 1391
5. حسنروحانی، رسانه های گروهی و امنیت ملی. راهبورد . شوماره 46 .زمسوتان و بهار. 1387
6. حسین مصلحتی، منوچهر لرنی، جامعه شناسی امنیت، فصلنامه مطالعوات امنیت اجتماعی، سال دوم، شماره 7،6 ، تهران، 1385
7. سید عبدالحسین نبوی، حسین زاده، علی حسین و حسینی، سیده هاجر. بررسی عوامل اجتماعی و اقتصادی مؤثر بر امنیت اجتماعی. فصلنامه جامعه شناسی کاربردی .سال 19، شماره 4، زمستان. 1389
8. سید محمد دادگران، مبانی ارتبار جمعی. تهران: انتشارات فیروزه. 1374
9. محسن نیازی و الهام شفایی مقدم و یاسمن شادفر. بررسی رابطه بین میزان سرمایه اجتماعی و احساس امنیت اجتماع ، فصلنامه جامعه شناسی مطالعات جوانان، سال دوم، شماره سوم9930
10. مسعود چلبی،.تحلیل اجتماعی در فیای کنش. تهران، نشر نی. 1350
11. مصطفوی، فرحناز. نقش رسانهها در امنیت اجتماعی، فصلنامه علمی- تخصصویدانش انتظامی پلیس پایتخت، سال هشتم، شماره 9 ، 1394
12. منوچهر لرنی، آسیب شناسی امنیت، تهران: نشر پیام، 1383